# ئەم تابلۆیەی  تەواو نەبوو

کنێر حەسەن خانم



سووچێکی ئەم پیشانگایە بۆ تۆیە تەنیا بۆ تۆ
هە ندێ جار هێندە گەورە خۆت ئەنوێنی
دەرگاو دیوارو تا پەنجەرە تارەکانی پیشانگاکەش
بەم ڕەنگە ئالۆزانەی خۆت
ئەکەیتە پەلکەزێرینە
دواتر لەم درزە ون ئەبیت
کە ڕەنگەکانی لە یەکتر جیاکردەوە

*.......................*.......................*

ڕاستیەک لە نەبوونەوە لە دایک بوو
لێی بێزار بووین کاتێک لە سێبەرمانانیشت
شەڕیکی لە مێژوودا بۆ جیهێشتین
باسکردنی خۆکشتنێکە بە ئازار
بێدەنگ بوو نیش.... شێت بوون!!
ڕابردوویەک شەڕ یکی ناوخۆی پێ یە
دوو تەرمی نەمردوو دوو دوژمنی هێندە سەیر
هەندێ جار خەمەکانین ئەبن بە تاکە خەمێ
شادیەکانیان ناویان ڕەنگیان ئەبنەوە یەک
هەدێجاریش هیندە نەناس
تەنها وون بوون ئەیانگەیێنێتە وە یەکتر
بە دوو چاوی خەوالوو ئەم ڕاستیانەئەبینمەوە
هەندێجار لەسپێدەیەکی خۆڵەمێشی
هەندێجار لەئێوارەیەکی زوودا دێن و
سەردانم ئەکەن
ئەم وڵاتە ئەبینم کە ئەم داستانەی لە پێستی هەنگێکدا نووسیوەتەوە
بۆم ئەخوێنێتەوەو باسی سەردەمیکی بێناوو
شەڕێکی ناوخۆ ئەکا و ئەلێ
(کاتێ هیواکان گەورەبوون
داوای باخچەیەکیان ئەکرد

تا لەسەر پەڕی گوڵەکان ببن بەهەنگ
کاتێ ڕەنگاکان هاتن وماڵێکیان ویست
تا لەوێوە سروودێک بۆ ئازادی بهۆننەوە
هەر لەوێوە تاڤگەی خۆرەتاوێک بڕوێنن کە لە باران بێزار نەبێ
ئەم ڕەنگانە ئەیانەویست لە تا بلۆی ئەم ماڵەدا هێندە تێکەڵ بە یەک بکرێن
تا ڕەنگی ڕەش لە شەواندابە هاتنی
گزنگی بەرەبەیانی بێزارنەبێ
لەم ماڵەدا هاوین زستانی خۆش بوێ
بێ ئومێدی باوەش بە هیوادا بکات
فرمێسکەکان ئاوێزانی خەندە بکرێن
وەک ئەم تیشکەی لە ڕۆحی دڵۆپە باران ئەشکێتەوەو
پەلکە زێرینە دروست ئەکات
لەم ماڵەدا هیچ ڕە نگێ ئامادە نەبوو
ببێ بە دەرگای قەفە زی بولبولەکان
بە دیواری ئەم باخچەیەی بۆ هەنگەکان دروست ئەکرا
بە کۆتی ئەم ئازادیەی لەم ناوەدا عاجباتی بوو
بە کورسی ئەم تێکدەرانەی دەستەڵاتیان ئەگرتە دەست
ئەم ماڵە چەند تامەزۆی تەواو بوون بوو
ڕەنگەکان لە خەڵوەتێکی بێ دەنگدا
لە دەوری ئەم تابلۆیەدا ڕۆحی ڕەهایان تیکەڵ ئەکرد بەیەکتری

*........................*........................*

وەرزی پایز ڕازی نەبوو بەکێشانی ئەم جوانیەی
لە بەزمی ئەم جەهالەتە بەنیاز بوو لە دایک بێ
بارانیش گوڵە وەنەوشەی نە ئەویست
ڕازی نەبوو لە باخچەی هەنگ ببێ بە خوای خۆشەویستی
چەند خەمبار بووین
وەک ئەوەی کە لە شەڕگەکاندا ڕوو ئەدا
دەستمان بە خوێنی یەکتری ئەشوشتەوە
چاوی هیواش چیتر هێزی لەدەست نەبوو
بە درێژایی پایزەکان زستانەکان هاوینەکان
لە بەهارێکی گەنج ئەگەڕا تا ڕەنگی وەنەوشەیی لە ڕۆحیدا قەرز بکات
بۆ چیمەنی ئەم تابلۆیەی تەواو نەبوو

*.......................*.......................*

ڕەنگەکان هارو هاج بوون
داوای کۆتاییان لێ ئەکرد
چاوی هیواش لە گریان و گەڕان زیاتر هیچی نەبوو
هیچمان نەکرد
بە درێژایی وەرزەکان بە بێ دەنگی هەنسکە کانمان ئەژمارد
خوومان بەبی دەنگیەوە گرت
خوومان بە چاوپۆشیەوەگرت
فێری دوورە پەرێزی بووین بە بیانووی یەکتر نەکوشتن
ڕەنگەکان تێکەڵاویان دایە مەرگ
تا چاوی کزی هیوالە سەفەری گەڕان بەنێو وەرزە کانا
سەفەری مردن و ژیان
نووسینەوەی هەناسەکان ژماردن وگەیشتنەوە دوا هەناسە
سەفەری گەڕان بۆ ڕێگایەکی وون لە نێو ڕێگا قەدەغەکان
هەڵسانەوە لەمەرگ و.....دووبارە مردنەوەدا گەڕایەوە
هەر ڕەنگێک ببوو بە بەیداخێکی جیا
بە هاوکاری پایزە زۆرو ساردەکان.. ترس و...چاوپۆشی و... بێدەنگی
شاژنی خۆپەرستی هات
جوانی ساختە وەنەوشەی ساختەی بەخشیە ئەم دەڤەرە
چاوە کزەکانی هیواش سەری هە ڵگرت
یاخی بوو لە پایزو ڕەنگ
لە با خچەو هەنگ
ڕەنگەکانیش ئاڵۆزبوون و
لە یەکتری جیا بوونەوەو یەکتریان کوشت
تەرمەکانیان
لە سووچێکی پیشانگای بیرەوەریەکان
گەورەئەبن و
جارناجاریش لەم درزە ون ئەبن کە لە ڕۆحیان سەوزبوە)
دوای تەواو بوونی داستانی ئەم وڵاتە بێچارەیە
هەمووومان بێگوناهانە
شانۆی ئەم خەمە جێدێلین.... هەمومان
من تۆ ئەوانی تاک ئەوانی کۆ ئەوانی خۆپەرست فریشتەکان تاوانباری شەرگەکان

**هەر هەموومان ئەڕۆینەوەماڵەوە**
**وەک ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێ... ئەڕۆینەوە**

24.02.2006